

لانە ئاسۆ

**ڤالانتایین لەدووریتدا**

وا دڵەکان!
خۆیان دەڕازێننەوە
بۆ پێشوازی عاشقەنەیان،
وا هەموو عیشوە دەنوێنن
بەسەر چاوی پڕ خوماریان.
ئەی تۆ بۆ هێندە دووری؟
بۆ هێندە مەستی
لەخەیاڵم ترازاوی؟
یان لەنزیکمدا دووریت،
چیت بۆ بێنم بەدیاری.
دڵێك پڕ ئاە و حەسەرەت،
یان ڕۆحێکی پەپوولە ئاسا.
بۆ هێندە دووریت، من نزیکم.
تۆ لێم ونی!
دەلەدووریتدا هیچ نەبێ،
ڕەبگی سوور بپۆشە،
بۆ ئەوەی هیچ نەبێ
لەڕەنگەکاندا خۆم ببینمەوە،
تامن لێرەدا ڤالانتاینی خۆم بکەم.
ڤالانتاینە و دونیام ڕەشە
ڤالانتاینە و ژوورم ساردە.
خۆشەویستی لەمن ونە
خۆشەویستی لەمن دوورە.
بۆی دەگەڕام!
لەسەر قەدی هەر دێرێکدا،
لەسەر گەڵای هەر پاییزێکدا،
لەسەر دیواری هەر کۆڵانێکدا
ئێستا سەیری هەر یەکێکیان بکەی
لەباتی چاو پێکەوتنم
شێوەمی تیا بەدی دەکەی
ڤالانتاینە و ئەمشێعرەم لێوەرگرە.
تاقانەکەم!.